# تەرمی کامۆ دەگوازرێتەوە




دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر مردنی ڕۆماننووس و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ ئەلبێر کامۆ، سەرۆکی ئێستای فەرەنسا نیکۆلا سەرکۆزی دەیەوێت لەڕێورەسمێکی شایستەدا، تەرمەکەی بگوازێتەوە بۆ بانتیۆن گۆرستانی (پیاوە گەورەکان) لەپاریس. ئەلبێر کامۆ کەنزیکەی سی کتێبی جۆراوجۆری لەبوارەکانی ڕۆمان، دەقی شانۆیی، فیکر نوسیوەو چاپ و بڵاوکردوەتەوە و یەکەمین بەرهەمیشی ڕۆمانانی (الغریب – نامۆ) بووە، کەلەساڵی (١٩٤٢) چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بۆ ئەوساتە ئەم ڕۆمانە پڕ فرۆشترین کتێبی گیرفان بووە لەفەرنسا، ئەلبێر کامۆ لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٣) لەوڵاتی جەزائیرو لەئامێزی لەخێزانێکی هەژار نشیندا لەدایکبووە، باوکی لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٤) لەجەنگی جیهانی یەکەمدا کوژراوە، دایکی کەهیچ خوێندەواریەکی نەبووە کاری پاکەرەوەی دەکرد، ئەم نووسەرە لەساڵی (١٩٥٢) خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە لە (٤)ی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٦٠) لەتەمەنی (٤٦) ساڵیدا بەڕوداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداوە، لەئێستادا تەرمەکەی لەگۆڕستانی (لور ماران) لەناوچەی پرۆفانس نێژاوە نیکۆلای سارکۆزی دەیەوێت لە بۆنەیەکی تایبەت و لەڕێورەسمێکدا تەرمەکەی دوای پەنجا ساڵ بگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی (بانتیون) ئارامگەی گەورە نووسەرانی وەك دکتۆر هۆگۆ، ژان ژاك، ڕۆسۆ، ئەمیل زۆلایا.

بەم بۆنەیەوە و لەوتەیەکدا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس کاترین کامۆی کچی ڕایگەیاند (ئەو دەیوت دەیەوێت دەنگی ئەو کەسانەبێت کەدەنگیان نییە، یاخود دەنگی چەوساوەکان بێت). جێگەی ئاماژەیە کە ئەلبێر کامۆ لەو کەسایەتیانە بووە کەبەرگری لەئازادیی گەلان و دالپەروەریی کۆمەڵایەتی کردوە و وەك نووسەرێکی وجودی ناسراوە. لەساڵی (١٩٤٢)دا کەلەشاری پاریس نیشتەجێدەبێت، پەیوەندیدەکات بەڕۆژنامەی (کومبا) کەڕۆژنامەیەکی نهێنیی بەرگریخوازەکان بوو، لەو کاتانەدا سەرجەم ئەو سەروتارانەی دەنووسی کەلەو ڕۆژنامە نهێنییەدا بڵاودەبوونەوە، هەر لەهەمان ساڵدا، جگە لەکاری سیاسی کتێبێکی ئەدەبی نووسی بەناونیشانی ئەفسانەی سیزیف. شۆڕشی جەزائیر و دامرکاندنەوەی سۆڕشەکە کاریگەری دەروونی قوڵی لەسەر کامۆ بەجێهێشت. بەشێوەیەك کەماوەی چەند ساڵێك بەتەنیا دەژیا و زۆر بەکەمی تێکەڵ بەکەسانی تر دەبوو، هەڵوێستی کامۆ بەرامبەر شۆڕشی جەزائیر کەبەوڵاتی یەك ملیۆن شەهید ناسراوە، ناکۆکی دەخاتە نێوان خۆی و ژان پۆڵ سارتەرەوە، کەپێشتر بەرگرییان لەشۆڕشی سۆسیالیزمی دەکرد، ئەم هەڵوێستەش بەئاشکرا لەکتێبی (الرجل المتمرد– پیاوە یاخییەکە) کە لەساڵی (١٩٥٢) دەینووسێ و بڵاودەکرێتەوە ناکۆکیەکان زیارت قوڵدەکاتەوە. کامۆ بەر لەمردنی سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانی (الرجل الاول– یەکەمین پیاو) دەبێت، کە کارێکە ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، دواجار ئەم ڕۆمانە ساڵی (١٩٩٤) چاپوبڵاوکرایەوە و بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوە.

**سەرچاوە: پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ**



# ئاشنابوون بەویتگنشتاین

